

# نەسرین سەیرێکی لەیلای ئازا بکە

**ئاسۆ**

لەیلا زانا وەك ژنێکی کورد توانی بەجیهانی رابگەیەنێت کە ژنانی کورد خاوەن ئیرادەو توانای
ساڵی ۱۹۹۱ کاتێك سوێندی خوارد بۆ پەرلەمان بەزمانی شیرینی کوردی سوێندی خوارد.
بەردەوام تورکیا دژایەتی ئەم ژنە بەهێزەی کوردیان دەکرد لەساڵی ۱۹۹٤ بەبیانووی جیاخوازیو تیرۆریست حوکم درا بەڵام زانا لەنێو دادگا توانی بەگری لەخۆیو بەرگری لە نەتەوەکەشی بکات زانا ئێستا رەمزی ژنی کوردە. پێدەچێ گۆڕانکاری‌یەکی گەورە بەسەر بارودۆخی کورد لە کوردستانی تورکیا دا بهێنێت. ئەوەی کەمن لەم بابەتەدا مەبەستمە قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە کەماوەیەك پێش ئێستا نەسرین بەرواری بەشوکردنەکەی بە سەرۆك کۆماری عێراق هەموومان نیگەران و بەدگومان کرد بەتوانای ژنی کورد، ئاخر ناهەقیشمان نەبوو نەسرین بەرواری وەك ژنە وەزیرێکی کورد کە لە نێوەندی بڕیارو دەسەلاَت دایە دەبوو وەك سمبولێکی ژنی کورد داکۆکی لە مافەکانی ژنان بکات وە داکۆکی لە مافەکانی کورد بکات نەك ئەوەی کە شوو بەپیاوێك بکات کە هەڕەشە لە نەتەوەکەی بگاتو بەنەتەوەکەی بڵێ ئەگەر باسی سەربەخۆیی بکەن ئەوا بەهێز بەگژتاندا دەچینەوە بەرواری ئەو راستی‌یەی باش دەزانی کە زیاتر لە ۱۰ ساڵە ژنان لە کوردستاندا خەبات دەکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی کە رەوایەتی بەفرەژنی و چەوسانەوەی ژنان ئەدات بەلاَم کاتێك نەسرین بووە وەزیر لە حکومەتی کاتی عێراقدا یەکەمین کارکردنی شوکردن بوو بە پیاوێکی عەرەبی عەگال بەسەر کە دژی مافەکانی کوردە لەکاتێکدا بەرواری نوێنەری کوردە لەو حکومەتەدا دەبوایە بەرواری چاوێکی لە ئازایەتی لەیلا زانا بکردایە کە لە ساڵی ۱۹۹۱ لەنێو پەرلەمانی تورکیادا سوێندی بەزمانی کوردی خوارد لەکاتێکدا زمانی کوردی لەهەموو تورکیادا قەدەغە کرابوو غازی یاوەر هەرەشەی لەبزووتنەوەی ریفراندۆم کردو دژایەتی مافی دیاری کردنی چارەنووسی کوردی کرد نەسرین بەرواری بێدەنگ بوو دەبوایە بەرواری هەڵوێستی هەبوایە ئەو زەواجەی هەڵ بوەشاندایەوە چۆن بیرمەندی ئەمەریکی نعۆم چۆمسکی رەخنەی لەوە گرت کە دیموکراتی بوونەکەی تورکیا هەر فۆرمەو نابێت لێیان وەربگریت بە هەنگاونان دەبوو نەسرین بەرواریش هەڵوێستی هەبوایەو بەیاوەری بووتایە کە کورد نەتەوەیەکی خاوەن ئیرادەو ویستی خۆیەتیو دەریایەك خوێنی لەپێناو ئازادیو دیاری‌کردنی مافی چارەنووس دا ڕشتووە ئێستاش بەهەڕەشەی عەگال بەسەرێکی وەك تۆ ناترسێت بەلاَم نەسرینەکەمان هەموومانی توشی بێ‌ئومێدی کرد دەنگی لەیلا ئاسا هەڵنەبڕی هەرچەندە نابێت ئێمە هیچ چاوەڕوانیەك لەبەرواری بکەین ئەگەر یاوەر هەرەشەکەش بکاتە کردار بەرواری هەر بێدەنگ دەبێت چونکە بەرواری شوی کرد بەپیاوێك کە کورد نی‌یە جگە لەوەش ۲ ژنی دیکەی هەیە. نەسرین باوەری بەپلە دووی هەیە کە ژن کەمترە لەپیاو.

بەلاَم ئەوەی کە نیگەرانمان ئەکات ئەوەیە لەوەتەی عەرەبو تورکو فارس هەیە دژی کوردن عەرەب ئەنفالی کردین بەکیمایی لێی‌داین هەزاران کوڕی ئەم وولاَتە بەدەستی عەرەب گوللە باران کران ناکرێتو نابێت هیچ کات

ژنێکی کورد لە پۆستێکی وادا شوبکات بەپیاوێکی عەرەب خۆ لەیلا ١٠ ساڵ زیندانی بوو بەڵام نەك تەسلیم بەئیرادەی تورك نەبوو بەڵکو سوورتر بوو لەسەر هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لەباکووری کوردستان لە کاتێکدا هەموومان دەزانین کەبارودۆخی کوردستان لەژێر دەستی تورکیادا چۆنەو تەنانەت رێگەش بەزمانی کوردی نادەن وەنکۆڵی لە بوونی کورد دەکەن بەڵام خۆڕاگری و ئازایەتی لەیلا زانا تورکیای بەرەوپێش بردووە وە لەیلا سەلماندی کە ئەگەر پیاوان نەیان توانیبێ دۆزی کورد بەرەوپێش بەرن ئەوا ژنان دەتوانن ئەو کارە بکەن لەیلا باس لە ئازادی و یەکسانی دەکات باس لە نەتەوەیەکی زوڵم لێکراو دەکات (لەیلا) نەچاوی لە سامانەو نە لە پۆست و نەخەون بە ناوبانگەوە دەبینێ نە تەنازولی بۆ تورکەکان کردو ئامادەیی لەخۆ بردووی و قوربانی بوو لەپێناوی نەتەوەکەیدا، ئاخر خۆ ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان ئەم دوو پارچەیەی کوردستانا هەلومەرجەکانیان زۆر جیاوازن لە باشووری کوردستان هەلومەرجێکی تایبەتی بۆ هەڵکەوتووە کە بەخوێن و فرمێسکی زیاتر لە (٨٠) ساڵ بەدیهاتووە ئێستا لە کوردستانی کوردستان کورد ئازادە.

بەرواری دەیتوانی سەروەری بۆخۆی ژنانی کورد تۆمار بکات دەیتوانی ئەویش وەك لەیلا داکۆکیکەر بێت لەمافەکانی نەتەوەکەی دەیتوانی ناوبانگو پۆستەکەی لە خزمەتی کێشەی نەتەوەکەی دا بەکاربهێنی من ئێستا هەرچەندە بیردەکەمەوە دەڵێی شیش بەجگەرمدا دەکەن باشە کە بەرواری ئەمەیانی بۆنەکرا بۆچی لەبەرامبەردا شووی بەو عەگال بە سەرەکرد خۆ ئەگەر لەسەرەتای شوکرنەکەیدا باس لەوەکرا یاوەر دۆستی کوردە خۆ ئێستا یاوەر هەرەشەمان لێدەکات بۆچی بەرواری بێ هەڵوێستە خۆ لەیلا زانا توکیا بێپشتووپەنایەو دەوڵەتی فاشیستی تورکیا دەتوانێت لەزیندان توندی بگات یان شەهیدی بکەن بەڵام لەیلا لەوانە گەورەترە ١٤/١٠ لەیلای رەمزی کورد ئاگاداری پەرلەمانی ئەوروپای کرد کە مەرجەکانی دیموکراتی بوونی تورکیا بۆ چوونە نا ویەکێتی ئەورووپاوە هێشتا ماوێتی ئەو داواکاریانەی یەکێتی ئەورووپی دایناون لەسەر تورکیا.

لە تورکیادا قسەی سەر کاغەز نەچوونەتە کردارەوە بەڵێ لەیلا هەموو وولاتانی پێشکەوتوو گوێی لێدەگرن چەند تورکیا هاوار بکات و باسی دیموکراتی بوونی بکات گوێی لێناگیرێ بەڵام قسەکانی لەیلا زانا لە یەکێتی ئەورووپا بەهەند وەردەگیرێت خۆ بەرواری ئەو راستیە دەزانێت کە ئێستا سەردەمی دیموکراسی و مافی مرۆڤە ئەوەش باش دەزانێت کە ئەمریکا لە پێناوی بەدیهێنانی دیموکراسی رژێمی عێراقی رووخاند دەیزانی یەکێك لە مەرجەکانی دیموکراتی ئازادی ژنانە ئەگەر بەرواری بەسەردان بچێتە وولاتێکی پێشکەوتوو دەبێت چۆن باسی دیموکراسی بکات باشە ناترسێت لەوەی کە پێی بڵێن خانم کۆمەڵگای دیموکراسی کەی رێگە بەفرەژنی دەدات بەداخەوە بۆ سەرکردەکانمان کە ئەوانیش باس لەدیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکەن ژنێکی وەك بەرواری شایەتی ئەو پۆستە نەبوو بەڵام ئەو پۆستەیان بە بەرواری داوە رەوایە کە دەسەڵاتی کوردی ئەو پۆستە لە بەرواری وەرگرنەوەو لەبری ئەو ژنێکی خاوەن هەڵوێستو دڵسۆز بە مافەکانی کوردو داکۆکیکەر لە مافەکانی ژنان دابنێین وە پێویستە لەسەر خەڵکی عێراق کە داوا لەو عەگال بەسەرە بکەن کە لە پۆستەکەی دابەزێت لەبەرئەوەی یاوەری عەرەب ژنانی عێراق بەمێگەل دەزانێتو خوارەحم کات پاش ماوەیەکی تر ئەویش وەك صدام لە هەموو نەتەوەیەك ژنێك بێنێت و سامانی ئەم وولاتە لە خزمەتی خۆیدا بەکاربهێنێت، ئافەرم بۆتۆش لەلایلای زانا کە سەلماندنت کە ژنانی کورد توانیان هەیە کەلە هەموو بوارەکاندا کاربکەن سەلماندت کە دەتوانیت لە ئاستی لێپرسراوی نەتەوەکەتا بیت من زۆر دڵخۆشم کە تۆی ئازا کردینەوە دێنەوە و بەکردەوە پێت ووتین کە نەسرین بەرواری نوێنەری ژنی کورد نییە وە نوێنەری کوردو ژنان ئەو کەسەیە کە وەکو تۆ

**داکۆکیکەرە لەمافەکانی نەتەوەکەی بۆیە دەڵێم خاتوو نەسرین بەرواری سەیرێکی لەیلای ئازا بکەو کورد ووتەنی پەرۆیەك لەو دادڕە هەزاران ماچ و خۆشەویستیش بۆ تۆ ئەی لەیلای ئازا.**